www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 18:12 2006-10-22

# لە كوێن ئەوانەی لەسەر وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانیان دەنوسی... كامەران هەڵەبجەیی

لەو وڵاتە باوك سالاریەی كە بەهیچ شێوەیەك ئافرەت شوێنی تێدا نابێتەوە پیاو وەك و درندەیەكی دان تیژ كراو ئافرەتیش وەكو گوێنیە پركراوێك لە ئیرەیی و حەسادەت بەهۆی پەروەردەی چەوتی كۆمەڵگاوە هەركە ئافرەتێك هاتە مەیدانەوە ئیتر بەهەر هەمووومان بەدوای ئەوە دا دەگەڕیین لەو مەیدانە بیكەینە دەرەوە بەڵام ئێستا ئەو گۆرانە كۆمەڵایەتیەی كە لە سەرەتای تێپەڕ كردوە ئافرەتانێكی دروست كردوە كە ناتوانرێت بەری خۆریان بە بێژینگ لی بگیرێت.

من نە لە دورو نە لە نزیك مامۆستا چنار ناناسم ئەوەندە نەبێت بەهۆی ئەندام پەرلەمانیەوە كەسایەتیم ناسی و ئێستاش كە وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوەكانە زیاتر هەست بە كارو بەر پرسیاریەتیەكەی دەكەم بەڵام ئەو نوسینە ئاراستەی ئەو كەسانە دەكەم كە بە عەقڵیەتی ئەوان دەبێت ئافرەت هەر دەزگای بەرهەم هەێمێنانی منداڵ و پاككەرەوەی ماڵ بێت چونكە ئەو هەموو نوسینە بی بەڵگەو شەڕە چەقەی كە نوسرا گوایە وەزیری شەهیدان بە شەهیدانی هەڵەبجەی وتوە شەهیدی سودفە كوان و بۆ وا بێدەگن خۆ ئەگەر وتبێتی شەهیدی سودفە دەبوو نەك بی دەنگ نەبونایە بەڵكو ملیۆنێك جار لەو شەڕە چەقە بێ بنەمایە دەتانكرد زیاتر و زیاترتان بكردبوایە.

ئەوەی ناچاری ئەو نوسنەی كردم ئەو ویژدانە بوو كە یەكێك لە برادەرەكانم بۆی گێرامەوە كە كاری بەو وەزارەتە كەوتبوو وتی" ڕۆشتوومەتە لای وەزیری شەهیدان هەستم كرد كە لە ماڵەكەی خۆمان دانیشتووم ئەوەندە بە ڕێزەوە پێشوازیم لی كرا ئەو كارەی هەشم بوو لەبەر ئەوەی نایاسایی بوو نەكرا بەڵام ڕێز گرتنی وەزیرەكەو قەناعەت پێكردنم لە لایەوە وای كرد كە وا هەست بكەم كارەكەم بۆ كراوە)

من ئەوەندەی خۆشم لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن بینیومەو خوێندومەتەوە ئەو وەزیرە كەسایەتیەكی وای هەبووە كە هەست بەوە نەكراوە ئۆڕۆستۆقرات بێت و هەژارو خەڵكی سادەی بەلاوە گرینگ نەبێت بە پێچەوانەوە ئەوەندەی بەلای خەڵكی هەژارو شەهیدەوە دێت ئەوەندە لە نێو بەرپرسان و خوا پێدراواندا نابینرێت بۆیە شیاوی ئەو پۆستەی دەبینم.

لە ماوەی ئەو هێرشە ڕاگەیاندنەی كە كرایە سەری بەهۆی كۆنفرانسی دانانی پرۆژە یاسای شەهیدان، لە كاتێكدا وەزیرێك خۆی بە خاوەن شەهید دەزانێت و لە گەڵ یاسا ناسان و شارەزایان قسە دەكات و كە دەتوانێت وا نەكات پێم وابیت ئەوە بەڵگەیە لەسەر خەمخۆری ئەو وەیزیرە بۆ شەهیدان و ئەنفال كراوان.

ئەوانەی كە نوسینیشیان بی بەڵگە بڵاودەكردەوە ئەوە هەر خۆیان خۆیان دەناسن كە چۆن بوون بە چەقەڵێك و لەسەر هەموو شتێك دەنوسن بی ئەوەی تێی بگەن كاتێك زانیان هیچیان بۆ ناكرێت و قسەكانیان هەمووی درۆ دەرچوو وازیان هێناو خۆیان پێچایەوە بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم لە كوێن ئەوانەی باخەڵیان پر لە درۆ بوو هیچیان پی نەما.